**IPO 03**

**International Protection Office**

**ناميلكەی زانياری بۆ مێرمندالآنی بێ یاوەر/ مندالآنی داپڕاو**
**ئەوانەی کە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتین.**

**تکایە هەموو زانیارییەکانی نێو ئەم نامیلکەیە بخوێنەرەوە.**

**ئەم نامیلکەیە بۆ پێدانی زانیاریەبە مندالآنی ( خوار تەمەنی ١٨ ساڵ)**
**کە بێ باوك و دایك یان سەرپەرشتسەرپەرشتیار داوای پاراستنی نێو نەتەوەیی دەکەن.**

**تێبینی گرنگ**

**یاساکانی سەبارەت بە داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ئیرلەندا دا**
**لە کۆمەڵە یاسای ساڵی ٢٠١٥ ی پاراستنی نێودەوڵەتی وەرگیراون.**
**بۆ خوێندنەوەی تەواوی یاسای ٢٠١٥ دەتوانی سەردانی ئەم وێبسایتە بکەیت.**
**www.ipo.gov.ie**

**ئەم نامیلکەیە تەنیا بۆ زانیاری و ڕێنوێنییە. ئەم بڵاوکراوەیە**
**ڕێنماییەکی یاسایی بۆ یاسای ٢٠١٥ ی پاراستنی نێودەوڵەتی نییە.**

## پێرست


1. سەبارەت بەم نامیلکەیە
2. کێ یارمەتیم دەدات؟
3. ڕەوەندی سەرەتایی داواکاری
4. ئەرکی وەرگێڕ چییە؟
5. چاوپێکەوتنی سەرەتایی
6. وێنە و پەنجە مۆر
7. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە بگەڕێندرێمەوە بۆ وڵاتێکیتر؟
8. ڕێساکانی دوبلین
9. ناسنامە چییە؟
10. خەمڵاندنی تەمەن
11. چاوپێکەوتنی خەمڵاندنی تەمەن
12. دوای ئەوەی کە داواکارییەکەم پێشکەش کرا، قۆناخی دواتر چی دەبێ؟
13. پرسیارنامە
14. چاوپێکەوتنی سەرەکی
15. ڕاپۆرت سەبارت بە لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەت
16. ڕاسپاردە
17. ئەگەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی پەسەند کرا، چی ڕوو دەدات؟
18. ئەگەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی ڕەد کرایەوە، چی ڕوو دەدات؟
19. ئەو ڕێکخراوانەی کە تۆ لە گەڵیان پەیوەندیپەیوەندی دەکەیت.
20. زانیاری زیاتر
21. ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی ئیمەیلە گرنگەکان.

## ١ . سەبارەت بەم نامیلکەیە (1)

سڵاو!ئەم نامیلکەیە تایبەتە بۆ منداڵانی دابڕاو/ منداڵانی تەمەن خوار ئەوانەی کە بە بێ یاوەری باوك و دایك یان سەرپەرشتێك گەیشتوونەتە ئیرلەندا و لە ڕێگەی TUSLA وە – دەزگای دابینکراو بۆ منداڵ و خێزان – داوای پاراستنی نێودەوڵەتییان لە ئیرلەندا کردووە. TUSLAپێی وایە کە داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی ئەو منداڵە دابڕاوانەدایە. هەر کاتێك داواکارییەکی لەم شێوەیە پێشکەش کرا، لە لایەن کارمەندێکی نووسینگەیەك کە بە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی ناسراوە، لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت.

منداڵانی دابڕاو ئەو منداڵانەن کە لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵیدان و لە باوك و دایك/ بەخێوکەری یاسایی پێشوو/ یان سەرپەرشتەکانیان دابڕاون و لە دەرەوەی وڵاتی خۆیان دەژین.

ئەم نامیلکەیە لە سەر پاراستنی نێودەوڵەتی و هەروەها قۆناخە جیاوازەکانی داواکاری بۆ پاراستنی نێونەتەویی باس دەکات.

تۆ دەبێ ئەم نامیلکەیە لە یەکەم لاپەڕەوە تا کۆتا لاپەرە بخوێنیتەوە و فێر بی کە ئەو کاتەی وا TUSLA لە نوێنەرایەتی تۆوە داواکارییەکی بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش کرد، چی ڕوودەدات.

تا ئەو ماوەیەی کە تۆ وەك داواکارێکی پاراستنی نێودەوڵەتی لە وڵاتی ئیرلەنداایت، دەبێت ئەم نامیلکەیە بپارێزیت، لەوانەیە یارمەتیدەرت بێت. لاپەرەیەك لەم نامیلکەیە بۆ ئەوە تەرخان کراوە کە تۆ ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی ئیمەیڵە بە کەڵکەکانی تێدا هەڵگریت.

هەروەها دەبێ نامیلکەی زانیاری سەرەکی بۆ داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی بخوێنیتەوە. بۆ تێگەیشتن لە هەر شتێك تێیدا گەر پێویستت بە یارمەتی هەبوو، دەتوانی لە گەڵ ئەو کەسەی کە TUSLA بۆ تۆی دیاری کردووە، پرسیار بکەی ئەو ئەتوانێ بە دوای ئامۆژگاری یاسایی زیاتر یان یارمەتی زیاتر دا بۆت بگەڕێت.

## ٢ . کێ یارمەتیم دەدات؟ (2)

لە بەر ئەوەی کە تۆ تەمەنت لە ژێر ١٨ ساڵیدایە، لە ئیرلەنداا مۆڵەت مۆڵەتیئەوەت نییە کە بۆ خۆت وەك تاک بڕیاڕی تایبەت بدەی. بۆ بڕیار دان پێویستت بە کەسێکە کە بەرپرسی تۆیە و لەو بوارەدا یارمەتیت دەدات کە بڕیارەکانت بدەیت.

گەر هاتیت بۆ نووسینگەی پاراستنی نێونەتەویی یان ئەو کاتەی کە دەگەیتە خاڵێکی هاتنە ژوورەوەی ولاتی ئیرلەنداا، وە دەتەوێ داوای پاراستنی نێودەوڵەتی بکەی. گەر لەو کاتەدا دەرکەوێت کە تۆ تەمەنت لە ژێر ١٨ ساڵەوەیە و کەسێکی پێگەیشتوو سەرپەرشتی یان چاودێریت ناکات، ئەوە لەوێوە تۆ دەنێرن بۆ TUSLA.

تیمی منداڵانی دابراو لە TUSLA ئەرکی چاودێری و خۆشگوزەرانی کەسانی خوار ١٨ ساڵیان لەم وڵاتەدا لە ئەستۆیە. تۆ نوێنەرێکی TUSLAت وەک ( کارمەندی بەشی کۆمەڵایەتی یان کارمەندێکی پاش بەخێوکەر) ت بۆ دیاری دەکرێت کە یارمەتیت بدات. پلانێکی چاودێری کردن لە لایەن TUSLAوە بۆ تۆ دادەنرێت. تۆدەتوانی سەبارەت بە هەموو شتێك کە پەیوەندی بە مانەوەت هەبێ لە ئیرلەنداا ، لە گەڵ ئەو کەسەدا کە بۆت دیاری دەکرێت، باس بکەی.
هەر لە گەڵ گەیشتنتدا بە TUSLA ، TUSLA ئەرکی چاودێری کۆمەڵایەتی تۆ بە شێوەیەکی گشتی لە ئەستۆ دەگرێت. لەوانەیە TUSLA بتوانێ تۆ لە گەڵ ئەندامانی تری خێزانەکەت کە لە ئیرلەنداان بە یەك بگەیەنێت( ئەگەر گونجاو بێ).

هەروەها TUSLA بڕیاڕدەدات کە ئایا لە بەرژەوەندی تۆ دایە کە داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکرێت. TUSLA تا ئەو کاتەی کە بە تەواوی دڵنیا نەبێ کە پێشکەش کردنی داواکارییەکە لە بەرژەوەندی تۆ دایە، داواکارییەکە پێشکەش ناکات.گرنگە کە تۆ سەبارەت بە باروودۆخی خۆت لە گەڵ TUSLAدا ڕاستگۆ بی تا ئەوان بتوانن لە سەر بنەمای باشترین زانیارییەك کە لە بەر دەستیان دایە،وێرای ئامۆژگاری یاساییش، بڕیار بدەن.

## ٣ . پرۆسەی سەرەتایی داواکاری (3)

ئەگەر TUSLAبڕیار بدا کە داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندی تۆ دایە، لە گەڵLegal Aid Board لێژنەی یارمەتی یاسایی پەیوەندیدەکەن. ئەو لێژنەیە ئامۆژگاری یاسایی و هاوکاری سەبارەت بە داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی دابین دەکات هەر وەها لە پرۆسەی پاراستنەکەشدا کۆمەکت دەکات.

TUSLAلە گەڵ بەشی پێشوازی یان پرسگەی نووسینگەی پاراستنی نێو دەوڵەتی پەیوەندیدەکات و کات و ڕێکەوتێك بۆ پێشکەش کردنی داواکارییەکەت ڕێکدەخات.
داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی دەبێ بە ئامادەبوونی خودی خۆتلە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش بکرێت. ناونیشانی نووسینگەکە ئەمەیە.
The International Protection Office of the Irish Naturalization and Immigration Service, 79-83 Lower Mount Street, Dublin 2.
هەر ئەو نووسینگەیەش ئیش لە سەر داواکارییەکەت دەکات.



( چوونە ژوورەوەی سەرەکی IPO)

لە کاتی ڕۆشتنی تۆ بۆ ئەم نووسینگەیە نوێنەری TUSLAیاوەری تۆ دەبێ.
TUSLAبە نوێنەرایەتی تۆ داواکاری پاراستنی نێودەوڵەتی پێشکەش دەکات.

ئەگەر پێویستت بە یارمەتی وەرگرتن لە وەرگێڕ هەبوو،ئاگادارمان کەرەوە وەرگێڕێکت بۆ دابین دەکەین.

## ٤ . ئەرکی وەرگێڕ چییە؟ (4)

بۆ ئەوەی کە تۆ و کارمەندی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە یەکتر تێبگەن، وەرگێڕێك قسەکانی تۆ وەردەگێڕێت وەردەگێڕێت. کەسی وەرگێڕ زمانی ئینگلیزی و زمانێکیش کە تۆ قسەی پێ دەکەی دەزانێت. بە شێوەی گشتی کەسی وەرگێڕ لە هەمان ژوور کە تۆی تێدایە، دادەنیشێت. تۆ و کارمەندی بەشی پێشوازی یان پرسگە دەتواننله ڕێگەی وەرگێرەکەوە پێکەوە قسە بکەن. وەرگێرەکە تەنیا ئەوەی کە لە نێوان ئێوەدا دەوترێ وەردەگێڕێت. کەسی وەرگێڕ بۆی نییە سەبارەت بە پەروەندەی تۆ یان زانیارییە کەسییکەسییەکانی تۆ لە گەڵ هیچ کەسێکیتر دا باس بکات، هەر بۆیە تۆ دەتوانی بە سەرهاتی خۆت بە دڵنیایی و بە بێ ترس باس بکەی.



( چوونە ژوورەوەی بەشی پێشوازی یان پرسگە )

## ٥ . چاوپێکەوتنی سەرەتایی (5)

بەشی پێشوازی یان پرسگەی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی بەرپرسە لە وەرگرتنی داواکارییەکانی ئەو کەسانەی کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن. بەشی پێشوازی نووسینگەکە چاوپێکەوتنێکی سەرەتاییت لە گەڵ ئەنجام دەدات کە تۆ تێیدا دەبێ وڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە.

- ناوت چییە،
- کەی و لە کوێ لە دایك بویت،
- خانەوادەکەت،
- زاانیاری و ناونیشانی باوك و دایکت،
- خەڵکی کوێیت،
- بە چ زمانێك قسە دەکەی،
- بە چ شێوەیەك سەفەرت کردووە بۆ ئیرلەندا،
- لە بەر چ هۆکارێك وڵاتی خۆتت جێ هێشتووە

لەو چاوپێکەوتنە سەرەتاییەدا بۆت دەرئەکەوێت ئایا نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی داواکارییەکەت وەردەگرێ یان نە. ئەم چاوپێکەوتنە وەك قۆناخێکی وەرگیران یان وەرنەگیران ناسراوە.



( بەشی سەرەکی پرسگە یان شوێنی پێشوازی)

ئەو پرسیارانەی کە لە لایان کارمەندی بەشی پرسگەوە ئاراستەت دەکرێن دەخرێنە ناو بنکەی زانیاری (داتابەیس) کۆمپیوتەری نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیەوە.



(ژووری چاوپێکەوتنی سەرەتایی)

بۆ نووسینگەی پاراستنی نێونەتەوەی گرنگە کە بزانێت لە بەر چ هۆکارگەلێك تۆ ناتوانی لە وڵاتی ئەسڵی خۆتدا بمێنییتەوە، هەروەها گرنگە بۆیان کە بزانن لەوکاتەوەی کە گەیشتوویتە ئیرلەندا، وەزعت چۆنە.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێکرد دوا بە دوای تەواو بوونی چاوپێکەوتنە سەرەتاییەکە، TUSLA بە نوێنەرایەتی تۆ داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی چێ دەکات. ئەمە ئەگەر هاتوو بۆیان دەرکەوت کە ئەو داوایە لە بەرژەوەندی تۆ دا دەبێت.

## ٦ . وێنە و پەنجەمۆر (6)

وەکوو بەشێك لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەکان، پێویست دەکات وێنەت بگیرێت.هەروەها ئەگەر تەمەنت **لە سەرەوەی ١٤ ساڵ بێ**ئەوە پێویست دەکات کە پەنجەمۆریشت لێ وەربگیردرێ. کارتێکی نیشتەجێبوونی کاتیی ت ( TRC) پێ دەدەن. ئەم کارتەی کە پێت ئەدرێ وێنەی خۆتی لە سەرە و زانیاری کەسیی خۆتی تێدایە . ئەو کارتە ( TRC) لە شێوەی ناسنامەیە بەڵام ناسنامەیەکی ڕەسمی نییە. ئەو کارتەت هەبێ یانی تۆ تا ئەو کاتەی کە داواکارییەکەت لێکۆڵینەوەی لە سەر دەکرێت مۆڵەتی مانەوەت لە وڵاتی ئیرلەندا دا هەیە. هەر بۆیە دەبێ ئەو کارتە باش بپارێزیت.

### بۆچی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی پەنجەمۆرم وەردگرێ؟

نووسینگەکە بۆ ئەوەی بزانێت کە ئایا تۆ پێشتر لە وڵاتی ئیرلەندا یان هەر وڵاتیکیتری ئەورووپا داوای پاراستنت کردووە، پەنجەمۆرت لێ وەردەگرێ. گەر تەمەنت لە سەرەوەی ١٤ ساڵ بێ کارمەندی بەشی پرسگە یان پێشوازی پەنجە مۆرت لێ وەردەگرێ.

### پەنجەمۆر بە چ شێوەیەك وەردەگیرێ؟

پرۆسەی وەرگرتنی پەنجەمۆر بەم شێوەیە. تۆ پەنجەکانت لە سەر ئامێرێك دادەنێی  و ئەو ئامێرە پەنجەمۆرت دەخوێنێتەوە.




( ئامێری پەنجەمۆر وەرگرتن)

**نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی چی لە پەنجەمۆرەکەم دەکات؟**

پەنجەمۆرەکان دەنێردرێن بۆ چەندین بنکەی زانیاری. یەکێك لەو بنکەی زانیارییانە(داتابەیس) لە وڵاتی ئیرلەندا دایە. نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ڕێگای ئەو بنکەی زانیارییەوە بۆی دەرئەکەوێت کە ئەگەر تۆ پێشتر داواکاریت بۆ پاراستن لە ئیرلەندا پێشکەش کرد بێ.

یەکێتی ئەوروپا (EU) بنکەیەکی دیکەی زانیاری هەیە کە پێی دەوترێت Eurodac. ٢٨ وڵاتەکەی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا EU هەروەها وڵاتانی ئایسلەندا، نەرویج نەرویج و سویسرا دەستیان بەو بنکەی زانیارییەدا( داتابەیس) دەگات و ئەتوانن بیبینن.

هەموو ئەو وڵاتانە بەشێکن لە پەیماننای دوبلین. پەیماننامەی دوبلێن پەیماننامەیەکە کە لە شاری دوبلین دا سەبارەت بە پەناخوازان ئیمزا کراوە.

ئەگەر لە هەر یەك لەو وڵاتانەدا داواکاریت بۆ پاراستن پێشکەش کرد بێ، لە بنکەی زانیاری Eurodac دەرئەکەوێت.

## ٧ . ئایا ئەگەڕێندرێمەوە بۆ وڵاتێکیتر؟ (7)

ئەگەر لە وڵاتێکیتر لەو وڵاتانەی کە پەیماننامەی دوبلینیان ئیمزا کردووە داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کرد بێ، ئەو وڵاتە ئەرکی مامەڵە کردن لە سەر داواکارییەکەتی هەیە. لە وەها حاڵەتێکدا، نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندا ناتوانێت چیتر مامەڵە لە سەر داواکارییەکەت بکات، وە ئەگەری ئەوە هەیە بتگەڕێننەوە بۆ ئەو وڵاتەی کە یەکەم جار داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت تێدا کردووە ئەمە لە حاڵێکدایە گەر بە زیانی تۆ نەبێ.

لە ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆسەی گەڕاندنەوەکەشدا ئێمە بەردەوام لە سەر بەرژەوەندی تۆ هەنگاو دەنێین و ناتگەڕێنینەوە بۆ وڵاتێك گەر بزانین مافی مرۆیی تۆی تێدا پێشێل دەکرێ. وە هەر چەند بە پێی یاسا ئەوە ئەرکی وڵاتێکیترە کە لێکۆڵینەوە لە سەر کەیسەکەت بکات بەڵام ئێمە هەوڵ ئەدەین کە لەم وڵاتەدا لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەت بکەین. ئێمە ئەو ئیشە لە بەر هۆکاری مرۆڤدۆستانە، خانەوادیی و فەرهەنگی دەکەین.

## ٨ . ڕێساکانی دوبلین. (8)

### ڕێساکانی دوبلین چییە؟

لە هەر ٢٨ وڵاتەکەی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا کە بریتین لەم وڵاتانە ( نەمسا (ئوستریا)، بەلجیکا،بولغاریا، کورواتیا، قوبرس، کۆماری چیك، دانیمارك، ئەستۆنیا، فینلەندا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، یونان، هەنگاریا، ئیرلەندا، ئیتالیا، لاتڤیا، لیتوانیا، لوکسومبورگ، مالتا، هۆڵەندا، پۆلەندا، پورتوگال، ڕۆمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، ئیسپانیا، سوید و بەریتانیا) هەروەها وڵاتانی نەرویج، ئیسلەندا، سویسرا هندێك یاسا هەیە کە چ وڵاتێك بەرپرسە لە ئیش کردن یان لێکۆڵینەوە کردن لە سەر داواکارییەکەت بۆ پاراستن. یاساکان دەڵێن کە تەنیا یەك وڵات لە سەر داواکارییەکە لێکۆڵینەوە دەکات.

بەو یاسایانە دەوترێ ڕێساکانی دوبلین و وەکوو یاسایەك لە هەموو ئەو وڵاتانەدا جێبەجێ دەکرێت. ئەگەر بەرلەوەی کە بێی بۆ وڵاتی ئیرلەندا لە یەکێك لەو وڵاتانەدا بوو بیت، ئەگەری ئەوە هەیە بتگەڕێننەوە بۆ ئەو وڵاتە. گەڕاندنەوە لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا جێبەجێ دەبێت

- ئەگەر بێتوو تۆ پێشتر لە یەکێك لە وڵاتانەی ئەندام لە پەیماننامەی دوبلیندا داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردبێت.
- ئەگەر بێتوو باوك و دایکت/ سەرپەرشتسەرپەرشتیارت بە شێوەیەکی یاسایی لە وڵاتێکیتری ئەندام لە واژۆکەرانی پەیماننامەی دوبلیندا بژین.
- ئەگەر بێتوو خزمت لە یەکێك لەو وڵاتانەدا هەبێ و بتوانن ئەرکی چاودێری کردنی تۆ بگرنە ئەستۆ لەو وڵاتە.

### ئەگەر بێتوو وڵاتێکیتر لەو وڵاتانەی پابەند بە ڕێساکانی دوبلین لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بکات، چ ڕوو دەدات؟

ئەو کاتە تۆ و نوێنەرەکەت کە لە لایەن TUSLAوە بۆت دیاری کراوە سەبارەت بەو حاڵەتە لە لایەن کارمەندێکی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیەوە ڕاوێژتان پێ دەکرێ و سەبارەت بە ڕێساکانی دوبلێن کە ئایا وڵاتێکیتر ئەرکی لێکۆڵینەوەی لە سەر کەیسەکەت گرتۆتە ئەستۆ یان دەگرێتە ئەستۆ ، زانیاریتان پێ دەدرێت. ئەو کاتەش تۆ مووڵەتی ئەوەت پێ دەدرێت بۆ پێدانی هەر هۆکارێک کە تۆ نەتەوێ بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێیتەوە و دەتوانی ئاماژە بەو هۆکارەش بکەی کە بۆچی دەتەوێت داواکارییەکەت لە وڵاتی ئیرلەندا دا لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت. لەم قۆناخەدا نوێنەرەکەی TUSLA کە بۆتۆ دیاری کراوە، هاوکاریت دەکات.

**ئایا ئەتوانم داوای پێداچوونەوە بە بڕیاری دوبلین دا بکەم؟**

ئەگەر بڕیاری نوسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیت بە دڵ نەبوو، دەتوانی سکاڵا بۆ پێداچوونەوە لە سەر بڕیارەکە پێشکەش بە دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی ( IPAT) بکەی. **ئەو دادگایە لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوە ناکات کە بزانێ تۆ بۆچی داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە. بەڵکوو تەنیا ئەرکی ئەوەیە بڕیار بدات کە کامە وڵات لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەی تۆ بکات. تکایە ئەو نامیلکەیە جودایەی زانیاریش کە سەبارەت بە ڕێساکانی دوبلین پێت دراوە، بخوێنەوە.**

## ٩ . ناسنامە چییە؟ (9)

ناسنامە واتە تۆ کێیت، ناوت چییە، کەی لە دایك بوویت، خەڵکی کوێیت و باوك ودایك یان سەرپەرشتسەرپەرشتیارەکانت کێن.

**بۆچی دەبێ من بیسەلمێنم کە من کێم؟**

لە بەر ئەوەی کە بتوانێ بریارێکی درووست لە سەر داواکاری پاراستنی تۆ بدات، نووسینگەی پاراستنینێودەوڵەتیدەیەوێت بزانێت کە تۆ کێیت و خەڵکی کوێی. ئەوە ئەرکی تۆیە کە نیشان بدەی کە ناوت چییە و خەڵکی کوێی. باشترین ڕێگە بۆ ناساندنی خۆت ئەوەیە پاسپۆرت یان ناسنامەکەت پیشان بدەی. گەر بێتوو نەتوانی ئەوە بسەلمێنی کە تۆ کێیت بۆ نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی ئەستەم دەبێ کە بزانن تۆ مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت هەیە یان نا.



## ١٠ . خەملاندنی تەمەن (10)

ئەگەر بێتوو گومانیان لە سەر تەمەنت هەبێ، نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی خەملاندنی تەمەن دەکات. نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی زۆربەی کاتەکان لە لایەن کارمەندێکی TUSLA وە لەم پرۆسەیەی خەملاندنی تەمەنەدا ڕێنمایی دەکرێت.

### خەملاندنی تەمەن یانی چی؟

لەم پرۆسەیەدا، خەملاندنی تەمەن واتە دەربرین و گەیاندنی بۆچوونێك لە سەر ئەوەی کە تەمەنی کەسێك چەندە. ئەگەر بێتوو نەتوانی پیشان بدەی کە تەمەنت چەندە یان ئەو تەمەنەی کە تۆ دەیڵێی لە لای ئەوان بە درووست نەیەتە بەرچاو، ئەوە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیرەنگەخەملاندن بۆ تەمەنت بکات.(واتە خۆیان تەمەنێکت لە سەر دانێن).

### گرنگی ئەوەی کە من پیشان بدەم تەمەنم چەندە لە چیدایە؟

ئەگەر هیچ بەڵگەیەکی پێناساندنت پێ نەبێ و بە هیچ شێوەیەکیتر نەتوانی تەمەنت پیشان بدەی، یان ئەو تەمەنەی کە دەیڵێی بە دروست نەیەتە بەرچاو، کارمەندی بەشی پێشوازی یان پرسگە لە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی دا دەبێ سەبارەت بەوەی کە تەمەنت چەندە قسەت لە گەڵ بکات. ئەمە یانی ئەو کارمەندە بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە کە تۆ تەمەنت چەندە قسەت لە گەڵ دەکات.

## ١١ . چاوپێکەوتنی خەملاندنی تەمەن (11)

چاوپێکەوتنی خەملاندنی تەمەن لە سەر بنەمای هەندێك ڕاستیە سەبارەت بە ئامادەکارییەکانیت بۆ سەفەر، شوێنی نیشتەجێبوونی باوك ودایکت/سەرپەرشتسەرپەرشتیارت، پلەی خوێنەواریت و ڕادەی پێگەیشتنت داڕێژراوە. پاشان کارمەندی بەشی پێشوازی یان پرسگە بڕیار دەدات کە تۆ تەمەنت لە ژێر ١٨ ساڵ بێت یان نە. گەر بێتوو بڕیار درا لە سەر ئەوەی کە تۆ تەمەنت لە ژێر ١٨ ساڵەوەیە ئەوە دەنێردرێی بۆ لای TUSLA.

## ١٢ . دوای ئەوەی کە داواکارییەکەم پێشکەش کرا، قۆناخی دواتر چی دەبێ؟ (12)

لە ماوەی پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی دا دەبێ هاوکاری نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی بیت.

نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە بری وەزیری داد و یەکسانی داواکارییەکەی تۆ هەڵدەسەنگێنێت و بڕیار دەدات کە ئایا تۆ مافی وەرگرتنی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێ بدرێ یان ئایا هیچ هۆکاریکی دیکە هەن کە لە بە رئەو هۆکارانە مۆڵەتی مانەوە بە تۆ لە وڵاتی ئیرلەندا بدرێت.

هەر بۆ ئەوشە کە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی دەبێت لە سەر ناسنامە، هاووڵاتیبوون، ڕێگاکانی سەفەر، مانەوت لە وڵاتێکیتر و هەروەها ئەو هۆکارانەی کە تۆ بەهۆیانەوە داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت لە ئیرلەندا کردووە، لێکۆڵینەوە بکات.

بۆ ئەوەی کە ئەم ئیشانە بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بچن، تۆ دەبێ هەموو ئەو بەڵگەنامە و ناسنامانەی کە یارمەتیدەر دەبن بۆ پیشاندانی ئەوەی کە تۆ کێیێت و لە کوێوە هاتووی، بە کارمەندی نووسینگەی پاراستنی نێونەتەوەی بدەی. تکایە هەر بەڵگەنامەیەکی دیکەی پەیوەندیدار بە داواکارییەکەت لە لا هەیە پێمان بدە.

لە کاتی پرۆسەی بەڕێوەچوونی ئیشەکانی داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی زۆر گرنگە ڕاستییەکان بڵێیت. ئەگەر بێتوو هندێك زانیاری بشاریتەوە یان ڕاستییەکان بە تەواوی باس نەکەیت، ئەگەری ئەوە هەیە کە مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت پێ نەدرێ و مۆڵەتی مانەوت لە ئیرلەندا دا پێ نەدرێت.

گەر بێتوو بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەت هاوکار نەبی، ئەو کاتە داواکارییەکەت لە سەر بنەمای ئەو زانیارییانە کە تا ئەو کاتە پێت داون، بڕیاری لە سەر دەدرێت.

ئەو ماوەیەی کە پرۆسەی پاراستنەکەت بەڕێوە دەچێ تۆمافی ئامۆژگاری یاساییشت لە لایەن لێژنەی یارمەتی یاساییەوە Legal Aid Boardەوە هەیە و ئەو کەسەی کە لە لایەن TUSLAوە بۆت دیاری کراوە، ئامادەکاری بۆ ئەم خزمەتگوزارییە دەکات.

## ١٣ . پرسیارنامە (13)

پرسیارنامەیەکت پێ دەدرێت کە دەبێ تا ڕێکەوتێکی دیاریکراو وەڵامەکان پڕ بکەیتەوە و بۆ نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی بگەڕێنیتەوە. ئەو کەسەی کە لە لایەن TUSLAوە بۆت دیاریکراوە لە پڕ کردنەوەی پرسیارنامەکەدا و لە گەڕاندنەوەیشیدا بۆ نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ناو پاکەتێکدا کە پێشتر لە لایەن نووسینگەکەوە خەرجی پۆستەکەی دراوە، یارمەتیت دەدات.

ئەو زانیارییانەی کە تۆ لە پرسیارنامەکەدا دەیدەیت و ئەو هۆکارانەی کە بۆچی ئارەزوو دەکەیت کە لە ئیرلەندا بمێنییتەوە لە کاتی لێکۆڵینەوە کردن لە سەر داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە بەر چاو دەگیردرێن. زۆر گرنگە کە تۆ هەموو هۆکارەکانت بۆ داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی و هەموو ئەو هۆکارانەی کە بۆچی ناتوانی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت و حەز دەکەیت لە وڵاتی ئیرلەندا بمێنییتەوە لە پرسیارنامەکە دا باس بکەیت.

تکایە با لە بیرت بێ کە دەبێت هەموو پرسیارەکان بە تەواوی و بە ڕاستگۆیی وەڵام بدەیتەوە تا بە پێی ئیمکان باشترین و تۆکمەترین زانیاری لە بەردەست ئێمە بێت.



( شوێنی چاوەڕوانیکردن بۆ چاوپێکەوتن)

## ١٤ . چاوپێکەوتنی سەرەکی (14)

لە چاوپێکەوتنی سەرەکیدا تۆ دەبێت ئامادە بیت. هەم تۆیش و هەم TUSLAش لە کات و ڕێکەوت و شوێنی چاوپێکەوتنی سەرەکیت لە پەیوەندی لە گەڵ داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بە نووسراوە ئاگادار دەکرێنەوە. ئامانج لەو چاوپێکەوتنە ئەوەیە کە زانیاری تەواو لە سەر داواکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندا وەربگیردرێت.

تاقمێك لە کەسانی چاوپێکەوتنساز ی ئەزموووندار لە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیدا ڕاهێنانی زیاتری تایبەتیان پێکراوە بۆ کارکردن لە سەر کەیسی وەک داواکارانی هاوشێوەی تۆ ( بێ سەرپەرشتانی خوار تەمەنی یاسایی/ منداڵانی دابڕاو). ئەو کەسەی کە چاوپێکەوتنت لە گەڵ ساز دەکات ڕاهێنانی تایبەتی پێکراوە بۆ چاوپێکەوتن ساز کردن لە گەڵ منداڵانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ.



( ژووری چاوپێکەوتنی سەرەکی)

گرنگە کە ئەوەی بە سەرت هاتووە و بۆچی ناتوانی بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت بە ئێمە بڵێی. بۆ ئەو کەسەی وا چاوپێکەوتنت لە گەڵ ساز دەکات گرنگە بزانێت کە تۆ لە بەر چ هۆکارگەلێك ناتوانی لە وڵاتی ئەسڵی خۆتدا بمێنییتەوە. تۆمارێك لەو قسانەی کە تۆ دەیکەی هەڵدەگیرێت. ئەو تۆمارە یادداشتێکە لەو قسانەی کە تۆ لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا کردووتە. لە گەڵ ئەو کەسەی کە لە TUSLAوە بۆت دیاری کراوە یادداشتە تۆمارکراوەکە دەخوێنتەوە و بە ئیمزا کردن لە ژێرەوەی هەموو لاپەڕەیەك ڕەزامەندی خۆت لە سەر یادداشتەکە دەردەبڕی.

لە کاتی خوێندنەوەی یادداشتەکەدا هەر هەڵەیەکت بەرچاو کەوت گرنگە هەر لەو کاتەدا داوایان لێ بکەی کە هەڵەکە ڕاست بکەنەوە – ئەگینا دواتر ڕاستکردنەوەی ئەستەم دەبێت بۆت.

چاوپێکەوتنەکە بە شێوەی ئاسایی ئەگەری هەیە ٢ تا ٣ کاتژمێر بخایەنێت بەڵام نیگەران مەبە چوونکە ئەو ماوە درێژە چەند پشوویەکی تێدا دەبێت. هەر کاتێکیش لە بەر هەر هۆکارێك بێزار بوویت و پێویستیت بە پشوو دان هەبوو ، ئەوە داوا بکە لەو کەسەی کە چاوپێکەوتنت لە گەڵ دەکات، ئەو هەر چەندە کاتت بۆ پشوو پێویست بێت، پێت دەدات.

کە چاوپێکەوتنەکەت کۆتایی پێ هات، بەر لەوەی کە ڕاپۆرتێك لە سەر داواکارییەکەت ئامادە بکرێت هەموو زانیارییە کۆکراوەکانی داواکارییەکەت، پرسیارنامەکە، چاوپێکەوتنەکانت و هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە لایەن تۆوە، یان بە نوێنەرایەتی تۆوە پێشکەش کراوە، لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێت .

## ١٥ . ڕاپۆرت سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەت (15)

لە لایەن نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیەوە ڕاپۆرتێك سەبارەت بە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکان لە سەر داواکارییەکەت کە بریتی دەبێ لە بڕیاری ئەوەی کە ئایا تۆ مافی پاراستنی نێودەوڵەتیت هەیە وە یان ئایا هیچ

هۆکاری دیکە هەیە کە تۆ مۆڵەتی مانەوەت لە ئیرلەندا پێ بدرێت، ئامادە دەکرێت.

لە ڕاپۆرتەکەدا بە بابەتی پەیوەندیدار بە داواکارییەکەت کە فۆرمی داواکارییەکەت، پرسیارنامەکەت و هەر باسێکیتر کە تۆ لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا خستبێتە بەر باس لە خۆ دەگرێت، ئاماژە دەکرێت. هەر نوێنەرایەتیکردنێش کە لە باتی تۆ لە لایەن TUSLAوە ، یان لە لایەن نوێنەری یاسایی تووە وە یان هەر کەسێکی دیکەوە ئەنجام درا بێ، لە بەر چاو دەگیردرێت.

## ١٦ . ڕاسپاردە (16)

نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکەت بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی دەکات و بڕیار دەدات کە ئایا :

1) **تۆ مافی ئەوەت هەیە کە مافی پەنابەریت پێ بدرێت؛**
2) **تۆ مافی ئەوەت هەیە کە مافی پاراستنی پلە دووت پێ بدرێت؛**
3) **هیچ هۆکاری دیکە لە ئارادا هەیە بۆ ئەوەی تۆ مۆڵەتی مانەوەت لە ئیرلەندا پێ بدرێت.**

### (1) مافی پەنابەری

ئەو کەسەی کە بە گەڕانەوە بۆ وڵاتی ئەسلی خۆی تووشی چەوساندنەوە دەبێ، ئەتوانێ وەکوو پەنابەر لە ئیرلەندا دا بمێنێتەوە. بۆ ئەوەی کە مافی پەنابەری بە کەسێك بدرێ، داواکار دەبێ ترسی ئەوەی هەبێ کە لە بەر هۆیەك لەو پێنج هۆکارە دەچەوسێتەوە و لە لایەن وڵاتەکەیەوە پارێزراو نابێت. بۆ نموونە پۆلیسی پاراستن نەتوانێ بیپارێزێت.

**٥ هۆکارەکە**

- ڕەگەز ( سەرەکی)، ئەکرێ سەر بە نەتەوەیەك بێت یان سەر بە قەومێك بێ ( یان بۆ نموونە ڕەنگی پێست).
- هاووڵاتیبوون، بۆ نموونە لە بواری زمان و قەومیەتەوە.
- ئایین.
- بیرو رای سیاسی ( بیروڕایەك سەبارەت بەوەی کە وڵاتێك چۆن بەڕێوە ببرێت).
- سەر بە گرووپێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بێت، ڕەگەز (کچ یان کوڕ) یان مەیلی هاوڕەگەز خوازی ( هاوڕەگەزخوازی واتە کەسێك کە دەکەوێتە پەیوەندی سۆزداری لە گەڵ کچێك، کوڕێك یان هەر دووکیان ).

هیچ جیاوازیەک نییە کە ئەگەرچەوساندنەوەکە لە لایەن کاربەدەستانی حکوومەتەوە بێت یان کاربەدەستانی حکوومەت نەتوانن یان نەیانەوێ تۆ لە چەوساندنەوە بپارێزن، مافی پەنابەریت لە سەر جێبەجێ ئەکرێت.

## (2) ئەو کەسانەی کە مافی پاراستنی پلە دوو یان هەیە

ئەو کەسانەی کە پێویستیان بە پاراستنی پلە دوو هەیە کەسانێکن کە بە پێی یاسا وەکوو پەنابەر نەناسراون بەڵام هێشتا هەر مەترسییان لە سەرە کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

سێ هۆکاری سەرەکی کە بۆچی کەسێك پێویستی بە پاراستنی پلە دوو هەیە و ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ولاتی خۆی ئەمانەیە. کەسانێك کە –

1. مەترسی ئەشکەنجە یان سزای مەرگیان لە وڵاتی خۆیان لە سەرە.
2. لە ئەگەری گەرانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان ڕووبەرووی بێڕێزی و ڕەفتاری نا مرۆڤانە دەبنەوە.
3. پێویستیان بە پاراستن هەیە لە بەر ئەوەی لە وڵاتی خۆیان مەترسی بە جیدی بریندار بوون لە شەڕدا یان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

تۆش پێویستت بە پاراستن هەیە ئەگەر لە لایەن دەسەڵات بە دەستانی وڵاکەتەوە یارمەتی نەکرێیت و پارێزراو نەبی.

## (3) مۆڵەتی مانەوە.

ئەوە پەیوەندی بە خۆت و بەو کەسەوە کە لە لایەن TUSLAوە بۆت دیاری کراوە هەیە کە لە کاتی پڕ کردنەوەی پرسیارنامەی پاراستنی نێودەوڵەتی هۆکاری زیاتر بنووسن بۆ ئەوەی کە مۆڵەتی مانەوەتان لە ئیرلەندا پێ بدرێ. لەم پەیوەندییەدا دەبێ لە ڕوودانی هەر ئاڵ و گۆڕێك بە سەر باروودۆخەکەتدا نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی ئاگادار بکەیتەوە.

نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە بری وەزیر بە لە بەرچاوگرتنی خانەوادەت، بارووودۆخی کەسیی خۆت و ئەو مافەی کە هەتە بۆ ئەوەی شتە تایبەتییەکان و ژیانی خانەوادەکەت ڕیزیان لێ بگیرێ، لەو بوارەدا ئەم خاڵانە دەگیرێنە بەرچاو

- سرووشتی پەیوەندی هەبوونی تۆ بە وڵاتەکەوە ( ئیرلەندا )، ئەگەر هەبێ.
- تێڕوانینی مرۆڤدۆستانە.
- کەسایەتی و هەڵسوکەوتی تۆ لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ( ئیرلەندا )، ( تاوانی جینایيش دەگرێتەوە)
- تێڕوانین بۆ مەسەلەی ئاسایشی نیشتمانی و هەر وەها خەڵك بە گشتی، وە
- هەر جۆرە تێڕوانینێکی دیکە وەك شتە باشەکان بە گشتی.

وەزیر هەر مەسەلەیەك لە لایەن تۆوە بخرێتە بەر چاو سەبارەت بە قەدەخە کردنی گەڕاندنەوەی زۆرە ملی ، لە بەر چاو دەگرێت.

**گەڕاندنەوەی زۆرە ملی** یانی وڵاتی ( ئیرلەندا ) هیچ کەسێك ناگەڕێنێتەوەبۆ وڵاتێك کە بزانێ ئەو کەسە تێیدا ژیان و ئازادی دەکەوێتە بەر هەڕەشەوە.

## ١٧ . ئەگەرمافی پاراستنی نێودەوڵەتیم پێ درا، چی ڕوو دەدات؟ (17)

ئەگەر بێتوو تۆ پاراستنی نێودەوڵەتی واتە ( مافی پەنابەری یان پاراستنی پلە دوو) وە یان مۆڵەتی مانەوەت پێ بەخشرا، ئەوە بەو واتایەیە کە تۆ بۆت هەیە لە ئیرلەندا بمێنییتەوە.

ئەگەر مافی پەنابەری یان مافی پاراستنی پلە دوو ت پێ بەخشرا، ئەوە نامەیەکت پێ دەگات کە زانیاری تەواوی لە سەر ئەوەی کە چی بکەیت وە هەروەها ماف و ئەرکەکانت لەم وڵاتە چی و چین، تێدا دەبێت.

ئەگەر مۆڵەتی مانەوە ت پێ بەخشرا، ئەوە هەروەها نامەیەکت پێ دەگات کە زانیاری تەواوی لە سەر ئەوەی کە چی بکەیت وە هەروەها ماف و ئەرکەکانت لەم وڵاتە چی و چین، تێدا دەبێت.

## ١٨ . گەر داواکارییەکەم بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی ( مافی پەنابەری و پاراستنی پلە دوو ) ڕەت کرایەوە، چی ڕوو دەدات؟ (18)

گەر هاتوو وەزیر داواکەی تۆی بۆ مافی پەنابەری و پاراستنی پلە دوو ڕەت کردەوە، ئەو کاتە تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داوای پێداچوونەوە بەو بڕیارەی وەزیر بکەیت لە لای دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی.

ئەگەر هاتوو وەزیر داواکەی تۆی بۆ مافی پەنابەری ڕەت کردەوە بەڵام بڕیاری دا کە مافی پاراستنی پلە دوو ت پێ ببەخشرێت، ئەوە دیسان مافی ئەوەت هەیە کە داوای پێداچوونەوە لە سەر ڕەت کرانەوەی دۆخی پەنابەرییەکەت بکەیت لە لای دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی.

سەبارەت بە دووایین مووڵەت بۆ بەرزکردنەوەی سکاڵا و هەروەها هەموو جۆرە زانیارییەکی دیکە لەو پەیوەندییەدا لە گەڵ بریارەکەی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیزانیاریت پێ دەگات.

گەر حاڵەتێکی لەم شێوەیە ڕوو بدات ئەوە TUSLA و لێژنەی یارمەتی یاسایی لە ئامادەکردنی سکاڵا یارمەتیت دەدەن. TUSLAو لێژنەی یارمەتی یاسایی Legal Aid Board لە هەموو ماوەی پرۆسەکەدا یارمەتیدەرت دەبن.

ئەگەر هاتوو لە پاش سکالای پێداچوونەوەکەش لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتیەوە ڕەفزت بۆ هاتەوە و وەزیریش پێی وا بێ کە ئیدی هیچ هۆکارێك نییە کە تۆ لە سەر ئەو بنەمایە مۆڵەتی مانەوەت لە ئیرلەندا پێ بدرێت، ئەو کاتە ئیتر تۆ بۆت نییە لە وڵاتی ئیرلەندا بمێنیتەوە و تەنیا دەتوانی لە سەر باروودۆخی خۆت لە گەڵ ئەو کەسەی کە لە لایەن TUSLA وە بۆت دیاری کراوە ولە گەڵ ئامۆژگارە یاساییەکان باس بکەی.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە سکاڵا کردن لەم وێبسایتە www.protectionappeals.ie بەر دەست دەکەوێت.

## ١٩ . ئەو ڕێکخراوانەی کە تۆ پەیوەندییان لە گەڵ دەکەیت. (19)

لەو ماوەیەی کە پرۆسەی داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی تێدا بەڕێوە دەچێ، تۆ چاوت بە خەڵکی دیکە لە ڕێکخراوی جیاواز جیاواز دەکەوێت. لە خوارەوە دەتوانی سەبارەت بەوەی کە ئەو ڕێکخراوانە ئەرکیان چییە، بخوێنیتەوە.

### Irish Naturalisation and Immigration service (INIS), Department of Justice and Equality

**دەزگای خزمەتگوزاری کۆچ و سروشتیکردنیئیرلەندا ( INIS ) ، وەزارەتی داد و یەکسانی**

(INIS) بەرپرسە لە ڕاپەراندنی کاروباری ئیداری وەزیری داد و یەکسانی لە پەیوەندی بە کاروباری پەنابەری، کۆچبەری ( وەکوو ڤیزا ) وە هەر وەها کاروباری شارۆمەندی.

**Website: www.inis.gov.ie**

### International Protection Office (IPO).

**نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی ( IPO).**

ئەرکی سەرەکی نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی لە دەزگای خزمەتگوزاری کۆچ و سروشتیکردنی ئیرلەندا دا ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییەکان بکات و لە باتی وەزیری داد و یەکسانی بڕیاری ئەوە بدات کە ئایا داواکار مافی پاراستنی نێودەوڵەتی هەیە لە ئیرلەندا یان نا، وە ئەگەر کەسێك ئەو مافەی نەبوو، ئایا دەبێ **لە بەر هۆکاری دیکە**مۆڵەتی مانەوەی لە ئیرلەندا دا پێ بدرێ. **زانیاری بۆ پەیوەندیکردنبەم نووسینگەیە لە لاپەڕە ٢٤ دایە.**

**Legal Aid Board (LAB)**

تۆ مافی ئەوەت هەیە کە لە گەڵ پارێزەرێکدا ڕاوێژ بکەیت و لە خزمەتگوزارییەکانی لێژنەی یارمەتی یاسایی ( Legal Aid Board) کەڵك وەربگری. ئەو لێژنەیە خزمەتی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی کە داوای پاراستن لە وڵاتی ئیرلەندا دەکەن، دابین دەکات. ( Legal Aid Board) یارمەتی یاسایی و ئامۆژگاری بۆ پاڵپشتی لە داواکارییەکەت بۆ پاراستن ، دەکات.

ئەو لێژنەیە لە پڕ کردنەوەی پرسیارنامەدا بۆ داواکاری پاراستن هەروەها هۆکاری دیکە بۆ مانەوەت لە ئیرلەندا، یارمەتیت دەدات. ئەوان هەروەها لە ئامادەکردنی تۆ بۆ چاوپێکەوتنی سەرەکی کۆمەکت دەکەن و دەتوانن لە باتی تۆ لە ڕێگەی نووسراوەوە لە گەڵ وەزیر بۆپاڵپشتی لە داواکارییەکەت پەیوەندیبکەیت.

Website: www.legalaidboard.ie
Phone No: 01- 6469600

**TUSLA- Child and Family Agency**

بەشی منداڵانی دابڕاو چاودێری ئەو منداڵانە دەکات کە بە بێ باوك و دایك یان سەرپەرشت گەیشتوونەتە ئیرلەندا. لەو بەشەدا چاودێری خێرا و پێداویستی بۆ منداڵانی دابڕاو کە بە دوای پاراستن دان، دابین دەکرێت. ئەرکەکانی TUSLA ئەمانە لە خۆ دەگرێ. خانووبەرە، پێداویستی دەرمانی و کۆمەڵایەتی وە هەروەها ساز کردنی داواکاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە باتی منداڵەکان.

Website: www.tusla.ie

Phone No: 01-6477000

**International Protection Appeals Tribunal (IPAT)**

**دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی ( IPAT)**

ئەرکی سەرەکی دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە و بڕیار دانە لە سەر ئەو سکاڵایانەی کە دژ بە بڕیاری نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی تۆمار کراون.

Website: www.protectionappeals.ie

Phone No: 01-4748400

**United Nation High Commissioner for Refugees (UNHCR).**

**کۆمیسارییای بەرزی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران ( UNHCR).**

UNHCRڕێنمایی لە سەر سیاسەت و یاسای پەنابەری و پەناخوازی لە ئیرلەندا دا ئامادە دەکات. بە شێوەی ئاسایی ئەوان نوێنەر بۆ پەناخوازن بە شێوەی تاك ئامادە ناکەن، بەڵکوو ئەوە بەشی پاراستنە کە پاڵپشتی و ئامۆژگاری بۆ کەسانی پەناخواز و پەنابەر و بێ وڵات کە پێویستیان بە کۆمەکی دەستبەجێ و پاڵپشتی تایبەتی هەیە، دابین دەکات.

گەر  پێویستتان بە یارمەتی هەبوو، تۆ یان نوێنەرە یاساییەکانت دەتوانن  پەیوەندی بە نووسینگەی ( UNHCR) ەوە بکەن.

Address:
102 Pembroke Road,
Ballsbridge,
Dublin 4, Ireland
Email: General information: iredu@unhcr.org
Telephone No: 01-6314510

## ٢٠ . زانیاری زیاتر (20)

ئەگەر هەر پرسیارێکیتری زیاترت هەبوو سەبارەت بە پرۆسەی پاراستنی نێودەوڵەتی، ئەوە دەتوانی پرسیارەکانت ئاراستەی TUSLA ، و نوێنەرە یاساییەکانت لە بەشی Legal Aid Board بکەی، یان دەتوانی لە سەر ئەو بابەتانە لە گەڵ نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتیپەیوەندییکەیت. هەروەها لە کاتی چاوپێکەوتنەکەتدا ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو شەخسەن خۆت لەو کاتەدا پرسیار بکەی. تۆ دەبێ ئەو نامیلکە سەرەکییەی زانیاریش کە ناونیشانی " نامیلکەی زانیاری بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی" لە سەرە، بخوێنیتەوە.

ڕێگەکانی پەیوەندیکردن بە نووسینگەی پاراستنی نێودەوڵەتی ئەمانەن:

ژمارە تەلەفۆن: 6028008 -01 ڕۆژانی دووشەمە تا هەینی، لە کاتژمێر 9.15ی سەر لە بەیانی تاکوو کاتژمێر 4.30 سەر لە ئێوارە.

Website: www.ipo.gov.ie
E-mail: info@ipo.gov.ie
Letter: International Protection Office
79-83 lower Mount Street
Dublin 2

هەر کاتێك بتەوێت هەر پرسیارێك سەبارەت بە ڕەوتی پێشوەچوونی داواکارییەکەت بکەی، دەبێ ئەم زانیارییانەی خوارەوەت لە بەر دەست بێت:

ژمارەی کەیسەکەت
ناوی تەواوی خۆت

**شێوەی جێبەجێکردنی سکاڵاکان:**

ئەگەر هەرسکاڵایەکت سەبارەت بە دواکەوتن یان لاوازی خزمەتگوزاری لە کاتی پرۆسەی کارکردن لە سەر داواکارییەکەت هەبوو، دەتوانی پەیوەندی بە کارمەندی بەشی پەیوەندی خزمەتگوزارییەکانمان بەم ناونیشانە بکەیت

Customer Liaison Officer
International Protection Office
79-83 Lower Mount Street
Dublin

## ٢١ . ژمارە تەلەفۆن و ناونیشانی ئیمەیلە گرنگەکانت (21)

